# له دڵی ڕادیۆوه

(بۆ کۆچه پاییزییه‌که‌ی حیسامه‌دین ئه‌مین)



هۆمه‌ر نۆریاوی

گه‌ر بمهه‌وێت کورت و پوخت سووکه ئاوڕێک له ژیانی مامۆستا و په‌روه‌رده‌کار، نووسه‌ر و شاعیر "حیسامه‌دین ئه‌مین"بده‌مه‌وه، سێ قۆناغ ده‌گرێته‌وه.

قۆناغی یه‌که‌م ڕووی له خودی ژینگه‌ی سنه و دواتر خولی مامۆستایه‌تییه که ده‌بێته وانه‌بێژ و مامۆستای قوتابخانه له کورده‌واری و بگره چه‌ندان شاری فارسنشیندا. ئه‌م مێژووه ساڵانی خوێندنی ئه‌م که‌سایه‌تییه له شاری سنه و دواتر زانستگه‌ی تاران ده‌گرێته‌وه. به واتایه‌کی ڕاستتر،ساڵی 1324ی هه‌تاوی(1945)له سنه کۆتایی به خوێندنی

دواناوەندی دەهێنێت. ساڵی 1337(1958)لە زانستگەی تاران،لە بەشی زمان و ئەدەبی فارسی وەردەگیردرێت و لەو مەتەرێزە زانستییەوە درێژە بە خوێندنی باڵا دەدات. قۆناخێکی هەرە هەستیاری ژیانی حیسامەدین ئەمین کە ڕووی لە بواری پەروەردە و بارهێنانە و وەک مامۆستای قوتابخانە بەوپەڕی بەرپرسیارەتییەوە ئەم ئەرکە گرینگە ڕادەپەڕێنێت. دواتر هەر لە تاران درێژە بە خوێندنی باڵا دەدات و بڕوانامەی ماستەر لە زمان و ئەدەبی فارسی وەردەگرێت و وەک مامۆستای قوتابخانە بۆ ماوەی چەندان ساڵ، وانە بە قوتابییان دەڵێتەوە.

لە ڕێی خوێندنەوەی نووسینی نووسەرێکی فارسینووسەوە بە ناوی "عیسا سەفا"لە بن سەردێڕی"مامۆستای یەکەم"،پتر پەی بە توانا و ژیریی و ئاستی باڵای زانستیی و هەروەها بەمشووربوونی حیسامەدین ئەمین لە هەمبەر چینی دەستکورت و هەژاری کۆمەڵگە دەبەین و تازە تێدەگەین سیما تیشکاوییەکانی نەتەوەکەمان تا لەژیاندان،چەندە تەنیا و غەریب و نامۆ دەژین. نووسەرێک کە بۆ چەند بەرە سەرچاوەی خزمەت و ڕاژەیە و چەندان نەوە پێدەگەیینێت،دواتر لە لایەن خودی نەوەی نوێوە پەراوێز دەخرێت و تا لەژیاندا دەبێت، غەریبانە دەژییت.

ئێمە چەند تەنیاین تا لەژیانداین و چەندە دەورمان جەنجاڵە بۆ مردن!

ئەم دەردە هەژێنەرە ئینتیزاری هەر هەمووممان دەکات،بۆیە پێویستە کاری هەرەقەتی بۆ بکرێت و ئەمە گرینگەیش لە ڕێی پەروەردە و بارهێنانەوە مەیسەر دەبێت. گەرەک بۆ ژێرخانی کولتووریی کۆمەڵگە خەبات بکەین و وەک چلۆن لە پێناو دەستخستنی دەستکەوتی ماددییدا تێدەکۆشین،دە هێندە بۆ بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێز و پتەوی فەرهەنگی بۆ کۆمەڵگەکەمان هەوڵ بدەین. لە داد و ئینساف بەدوورە کە مرۆ پێشڕەوەکانی کۆمەڵگەکەمان لە هەر بوارێکی زانستیدا بەم چەشنە تا لەژیاندان،غەریبانە و بێناز بژین و هەرکە پەڕی ژینیان هەڵوەری،تازە ئەودەم جەنجاڵ بەپا بکەین و شینیان بۆ بگێڕین.

دواتر ئەم نووسەرە فارسینووسە باس لە خەمخۆرییەکانی حیسامەدین ئەمین وەک مامۆستای قوتابخانە دەکات کە چلۆن ڕێبازی ژیانی خودی خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە چرا بۆ ئەم و دەیان قوتابیی دیکە.

بەڵام قۆناخی دووەمی ژیانی ئەم کەسایەتییە ڕووی لە دنیای میدیا و ڕاگەیاندنی کوردییە. ساڵی 1337ی

هەتاوی(1958)دەگەڵ ڕادیۆ کوردیی تاران دەکەوێتە هاوکاری و بەم چەشنە پێی بە ڕادیۆ دەکرێتەوە و سەرەتا وەک بێژەر دەست بە خەباتی میدیایی دەکات.

تا ساڵی 1344(1965)لەسەر خەباتی میدیایی لە ڕادیۆ کوردیی تاران بەردەوام دەبێت. پاش ئەوەی ڕادیۆ کوردیی تاران بۆ ساڵانێک وەشان و پەخشی دەوەستێت،بەشی زۆری خەباتکارانی ڕادیۆ کوردیی تاران دەگوێزرێنەوە بۆ ڕادیۆ کوردیی کرماشان و لەو شارەوە درێژە بە خزمەت و خەباتی خۆ دەدەن. هەر لەم سۆنگەیەوە حیسامەدین ئەمینیش لەبەر ئەوین و هۆگری بە کولتوور و زمانی کوردی،ڕوو لە شاری قەسری شیرین دەنێت و لەوێوە درێژە بە هاوکارییەکەی دەگەڵ ڕادیۆ کوردیی کرماشان دەدات. بە واتایەکی ڕاستتر،لە ساڵی 1345ی هەتاوییەوە تا ساڵی 1351(1972)لە ڕادیۆ کرماشاندا کار دەکات. دواتر دەگەڕێتەوە تاران و لەسەر داواکاری کەسایەتی ناوداری کورد،دوکتۆر "محەممەدسدیق موفتیزادە"(1363–1300)(1984–1921)،دیسانەوە لە ڕادیۆ کوردیی تاران درێژە بە هاریکاری دەدات و ئەم هاوکارییەیش تا ساڵی 1357ی هەتاوی(1978) بەردەوام دەبێت

بەدرێژایی تەمەنی نێزیک بە 80 ساڵەی ڕادیۆ کوردی لە پار و بەشی ڕۆژهەڵاتی نیشتماندا (1325ی هەتاوی،1946ی زایینی)سەدان مرۆی خەباتکار و خەمخۆری زمان و چاندی کوردییمان پێ شک دێت کە لەم ڕۆچنەیەوە سەرچاوەی ڕاژە و خزمەت بوونە و هەوڵی بووژاندنەوە،بڵاوکردنەوە،پەرەپێدان و پێشخستنی فەرهەنگ و زمانی کوردییان داوە. پڕ ڕوونە ناوێکی ناسراو و دیاری ئەم مەیدانە هەراو و بەرینەیش"حیسامەدین ئەمین"ە کە نزیکەی 11 ساڵ لە ڕێی ڕادیۆ کوردییەکانی تاران و کرماشانەوە وەک سیمایەکی درەوشاوە،خزمەتی زمان و کولتووری کوردی دەکات و جێپەنجەی بەسەر دیرۆکی ڕادیۆ کوردییەکانەوە دیارە. ئەو قۆناخەی حیسامەدین ئەمین ڕوو لە ڕادیۆ کوردی دەنێت،دەیان سیمای نەتەوەیی و خەمخۆر لە ڕادیۆ کودییەکانی تاران و کرماشاندا مژولی خزمەت بە سامانی فەرهەنگیی کورد دەبن. دوکتۆر محەممەدسدیق موفتیزادە(1984–1921)،شوکروڵڵا بابان(2012–1923)،خەسرەو خان شێخکانلوو(2004–1925)هومایۆن کەمانگەر(1942)،مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی(2001–1913)،سوارە ئێلخانیزادە(1976–1937)،سەیید ئیبراهیم ستوودە(2000–1926)،عەزیز عەلەوی(2019–

1930)،سەیید جەلال نیزامی(1951)،سەیید تایەر هاشمی(1915-1991)،مەلا محەممەد ڕەبیعی(1996-1932)،دوکتۆر عابید سیراجەدینی(1995-1923)،میدیا زەندی(1940-2008) و عوسمان ئەحمەدی(1937)،تەنیا چەند ناوێکی دیاری ئەم بەستێنە دێنە ئەژمار. لەو چاخ و خولەدا ڕادیۆ بە قۆناخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت کە بە قۆناخی زێڕین دەناسرێتەوە،چونکە دەوری فێرگە بۆ هەر هەموو کورد دەبینێت. ئەم دەستکەوتە مەزنە بەر حیسامەدین ئەمینیش دەکەوێت.

دوا قۆناخ و سێیەم قۆناخ لە ژیانی حیسامەدین ئەمین ڕووی لە سالانی پاش خانەنشینبوونە کە دەگەڕێتەوە سنە و تا دوا ڕۆژانی ژین هەر لەم شارەدا دەمێنێتەوە. ئەم سالانە خەمساردییەکی فرەی پێوە دیارە کە بەشی سەرەکی بەرۆکی خۆی دەگرێتەوە کە لە هەمبەر چاپ و بلاوکردنەوەی نووسینەکانیدا کەمتەرخەم دەبێت کە دیارە ئەم پرسەیش بۆ خۆ گەلێک هۆ و هەگەری لە پشتە. بەشەکەی دیکەیشی ڕووی لە خەمساردی کۆمەلگە بەرانبەر بەم کەسایەتییەیە کە وەک پێویست ئاوڕی لێ ناداتەوە.

چەندان جار لە نزیکەوە ئەم کەسایەتییەم بینیبوو و دەگەڵی قسەم کردبوو. مرۆیەکی سادە و ڕۆحسووک و ئارام بە جانتا گچکەکەی سەرشانی بە شەقامەکانی شاردا دەهات و دەچوو بەڵام تەنیایی و دۆخی سەختی ژیان و گوزەران ئەو بڕست و تاقەتەی لێ بڕیبوو تا پێکەوە بە وردی لەسەر مێژووی ڕادیۆ و گەلێک پرسی دی باس بکەین و ڕووپەڕی دوێنێ هەڵبدەینەوە. ئەمە قەدەری بە سەدان سیمای ناودیاری کوردە کە تا لە ژیاندان، بە دۆخێکی سەختدا تێدەپەڕن و هەرگیزیش وەک پێویست ئاوڕیان لێ نادرێتەوە. هەر بۆیە هەگبە ڕەنگاڵەییەکەی تەمەن دەگەڵ خۆ دەبەنە بن گڵ و کۆمەڵ لە خەرمانەیەک یادەوەریی ڕەنگین و زەنگین بێبەش دەبێت.

شیاوی ئاماژەپێدانە "حیسامەدین ئەمین"، ساڵی 1315ی هەتاوی(1936)لە شاری سنە دیدەی لە ڕووی ژیان هەڵدێنێت. بۆ خۆی دەڵێ،خەڵکی گوندی"باینچۆ"ی سنەیە .

سەد مخابنیش ئەم نووسەر و شاعیرە دەرەنگانی شەوی 14 لەسەر 15ی ڕەزبەری 2724(6ی ئۆکتوبەری 2024)لە نێو ماڵەکەی لە شاری سنە بۆ هەمیشە چاوانی لێک دەنێت و

هەگبەی سالانی خزمەت و خەمخۆری بە یادگار بەجێ دەهێڵێت.



**ژێدەر:**

- ماڵپەڕی عیسا سەفا،بەشی ئەدەبی www.assa safa.net
- ڕادیۆ کوردیی تاران لە بەردەم دەروازەی دیرۆکدا،هۆمەر نۆریاوی،گۆڤاری ڕێزان،ژمارە3،ڕێبەندانی 1393ی هەتاوی
- وتووێژی گۆڕان نیوز دەگەڵ حیسامەدین ئەمین،ماڵپەڕی گۆڕان نیوز،گەلاڕێزانی 1402
- وتووێژی کوردپرێس دەگەڵ حیسامەدین ئەمین،بەشی فەرهەنگ و هونەر،8ی تەمووزی 2019